# بيرەوەريەكانم

H

**فايق جەميل**

**لەبەشی پێشو لە بیرەوەریەکانم (G ) وتمان كە شاری سلێمانی وگەڵێ شاری  دی لە كوردستانی باشور هەروها شاری سنە (سەنەندەج ) بە پلەی یەكەم – ئینجا مهاباد و شنۆ و سەقز وبانە و بۆكانی لەگەڵ دابێ – لە كوردستانی ئێران , شاری ئامەد –( دیاربەكر)–و ماردین و وان و شەمزینان و سلۆپی لەگەڵدابێ  لە كوردستانی باكور , چەند شاری لە كوردستانی سوریا  – هەروها گەڵێ شاری دی لە سەرتاپای كوردستان ڕێژەی دانشتوانی لە بیانو وغەیرە كورد زۆر كەمە یان – ( زۆر كەم بو )  –  ناگات لە سەدا یەكی دانشتوانی شارەكە , بۆیە دەمێكە دەوڵەتە داگیركەرانی كوردستان هەوڵ دەدەن ئەم واقیعە دیماگروفیە بگۆرن بە دورخستنەوەی كورد لەم شارانە–پاش رووت كردنیان لە مولك ومالْ – بۆ ناوچەكانی دوری غەیرە كورد ونشتەجێ كردنی خەڵكانی میللەتانی دی لە سەر موڵك وخان و بەرەو زەوی ئەمان بە مەبەست تاوانەوەی میللەتی كورد وناوشوێن ون كردنی و دەست گێركردنی خێروبەرەكەتی وڵات بۆ غەیر كورد هەروها پەرت و بلاوكردنەوەیان بە مەبەست بەربەست كردنی هەر جۆرە راپەرینەك وشۆرشێك دژ حوكمرانی فاشستی داگیركەرانی كوردستان . لەم بارەوە لە مێژوی كورد دوو نمونەی زەق بەدی دەكرێ , یەكەمیان گواستنەوەی هەزاران خێزانانی كورد لە شاری ( ئامەد )–دیاربەكر– و دەروبەری لە كوردستانی باكور – لە سەردەمی مستەفا كەمال – بۆ ناوچەكانی رۆژئاوای توركیا , زۆربەی بۆ شاری ( ئەزمیر ) و دیهاتەكانی هەروها ( ئەنقەرە و ئەستەنبول ) كە بەسەدان كیلۆمەتر لە نیزكترین خالْ لە سنوری كوردستان دورن , دووەمیان لەسەردەمی رژێمی سەددام كە هەزاران خێزانانی كورد لە شاری كەركوك و دیهات و قەزاو ناحیەكانی بۆ ناوەراست وخوارەوەی عیراق بە خورتی گواسترانەوە و گەڵێ لە عشرەتەكانی عەرەب لە شوێنیان دامەزران , خۆش بەختانە پاش رۆخانی رژێم وازۆربەی ئەم ئاوارەكراوەكان وا ئەگەرێنەوە بۆ شاری باوك و باپیران . شایانی وتنە كە هەوڵ تەقەلای فاشستەكان لەم بارەوە غەیری روو رەشی نەبێ بەرانبەر مێژوو چی دیان دەست نەكەوت وا ساڵ بەساڵ دەنگی كوردستان لە ئاسۆی نەتەوەیی رزگاریخواز وئازادی زیاتر ئەزرێگێتەوە . كورد لەمەیدانی وڵاتانی روژهەلاتی ناوەراست ونێودەولەتی شوێنی خۆیی گرتوتەوە . بەم بۆنەوە نمونەكی خۆگرِ نەتەوەیی كورد ئەخەمە بەرچاو : ئەگێرنەوە پاش چەندین ساڵ بەسەر گواستنەوەی خەڵكانی كورد لە( ئامەد)  لێپسراوێ گەورەی حكمرانی تورك سەردانی كوردەكان دەكات لە ناوچەی ئەزمیر لە كاتی قسەو ووتویژ لە گەڵیان زۆر تورە دەبێ كە بۆی دەردەكەوێ لەم ماوە درێژە  وشەیەك توركی فێرنەبوون  بە پێچەوانە گەڵێ لە توركەكان لەمان فێری كوردی بوون .**

**لە كۆنەوە گەڵێ خێزانانی كۆیی نشتەجێی شاری سلێمانین لەمان رۆڵ ودەوری زەقی خۆیان لە ژیانی كۆمەلایەتی وئابوری و فەرهەنگی و كوردونشتمانپەروەری دی , لەم كاتە لەمان بنەماڵەی ( محەمەدی حاجی تایەر)ی كۆییم لە یادە .ئەوەی راست بێ لە هیچەوەنیە خەڵكانی هەردو شار زوبەزو لەیەك دەگەن ودەكەونە نێو دۆستایەتی وئاشنایەتی گەرم . بەهەرحال لە دوا وتەم لەبارەی هەردوشار ئەمەیە كە ئومێدەوارم خوێنەرانی كورد بە چاوێ فرەوان بروانە نوسینەكانم , هەڵبەتە شارەكانی دی لە سەرتاپای كوردستان بێ بەش نین لە كوردپەروەرو شۆرشگێرو خەباتگێران هەروها گەڵێ روشنبیرو ئەدیب و شاعیرو نوسەرو مەلاوشێخ و پیاوانی ئایینی ناوداری لێ هەڵكەوتوون , ئەوەی شانازی پێوەدەكرێ شارو شارۆچكە و دێ بەڵكو شاخ وكێو بەردوروبارو دەشت و تەپۆڵكە نیە لە كوردستان رۆڵ ودەوری لە شۆرشی رزگاریخوازی گەلی كورد نەنواندبێ شەهیدو قوربانی بۆ پێشكەش نەكردبێ ....**

بابگەرێنەوە شاری رانیە , لەوتووێژەکانمان لە گەڵ دۆست ودراوسێمان _ عەلی سادق ئەحمەدی _ لە کوردانی کوردستانی رۆژ هەڵات , بەرێزو روناکبیر , ئەندام و پێشمەرگەی کۆمەڵە واتە { رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمنیستی ئێران } ئەزمونی لە خەباتگێری وپێشمەرگەیی لە ژێر سێبەری کۆمەڵە هەرنەبێ ئەگەرێتەوە بۆ بیست وپێنج ساڵی رابوردو , هەندێ شەوان بە خێزانەوە کات دەبەینە سەر زۆر جار دەکەوینە ناوسیاسەت وبارودۆخی کوردستان وعیراق بەتایبەتی , ناوچەی رۆژهەڵات بەگشتی , گەرچی گەلێ جار ناگەیین بەیەك بەلام خۆشی دانشتنەکەمانیش هەر لە مە دایە - باس هاتە سەر راپەرینەکەی گەلی کورد بەهاری ساڵی 991 کە شاری رانیە سەرپشك بو لەم مەیدانە – عەلی ئەحمەدی - لەم کات لە ئۆردگاکەیان بووە لە رانیە : ئەڵێ یەکەم تەقەی راپەرین لە سەرتاپای کوردستان دژی هێزەکانی رژیم لەم شارە روی دا لە لایەن دو موستەشار لە مسکێنی دۆڵێ رانیە وپیاوەکانیان بەناو { عەلی نەبی و محەمەد هەمزە } وتی: لەم رۆژە هەڵیانکوتا سەربنەکەکانی ئەمن وموخابراتی حکومەت تێکشکان ئەمانیش چەند برینداریان بو, ئێمە لە ئۆردوگاکەمان تیمارو وبرین پێچمان کردن لە هەمان کات گەلێ داودەرمان و برین پێچیان لێ خواستینەوە , پاش ماوەیەکی کەم خەلکی رانیە بەگشتی راپەڕی و هێزەکانی یەکێتی نشتمانی کوردستان گەیین بەشار هەردو کەلەپیاو پێشیان کەوتن , ئەڵێ : ئێمە عەلی نەبی – یمان لە نزیکەوە ئەناسی چونکە خانوێکمان بۆ کۆمەڵە لێ بەکرێ گرتبو زو زو هاموشۆی دەکردین – 1- ,لە کارەساتی براکوژی ساڵی 994 عەلی نەبی کوژرا .

لە راستی دا هیچ زانیارێکی ئەوتۆم لەبارەی کومەڵەوەنەبو , بەلام لە ئاکامی دۆستایەتی و هاموشۆم لە ئوسترالیا لە گەڵ گەڵێ ئەندامی کۆن وبەردەوامی ئەم حزبە گەلێ لایەنم بۆ روون بۆوە . کۆمەڵە رێکخراوێکی کوردستانی حزبی کۆمنیستی ئێرانە واتە رێکخراوێکی تایبەتی گەلی کورد نیە لە کوردستان بەڵکو گشت خەڵکانی کوردستانی ئێران لە کوردو فارس و تورك و ئازەری ونەتەوەکانی دی بەخۆ دەگرێ , گەرچی لە واقیع دا خەڵکانی غەیرە کورد لە نێو رێکخراوەکە زۆر کەم بوون . ئەم شێوە رێکخراوە لە چەشنی رێکخراوی حزبی شیوعی عیراقە بە ناو (حزبی التحرر- تەحەرور – واتە رزگاری ) تایبەت بو بۆ ناوچەی شیمال ( لەم کات لای شیوعیەکان ناوی کوردستان بەم شێوە دەبرڕا ) – رۆژنامەی ( ئازادی ) ئۆرگانی لقی حزب بو لەم ناوچەیە , 2.

کۆمەڵە زۆر زو توشی خەباتی چەکداری بووە دژ هێزوئەرتەشی ئێران لەم رێ یە گەلێ شەهیدو قوربانی پێشکەش کردووە لە کۆری خەبات ومەیدانی چەکداری رەشیدی وئازایەتیان لێ دەگێرنەوە گەرچی بەناچاری ئاوای ئەودیوی کوردستان بوون لە رانیە ئۆردوگایان دامەزراندووە , هەڵبەتە حزبی کۆمنیستی ئێران پاشماوەی حزبی ( تودە ) نیە جیاوازی تەواوی ئایدۆلۆجی لەمەیان دا هەیە , گەرچی لەماوەی چل ساڵ کۆنترین و گەورەترین وبە هێزترین حزبە شیوعیەکان بو لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست چواررەمین بو لە هەمو دونیا 3 .تودا بەتێکرای حزبی شیوعی خاکی گشت ئێران بو هەرگیز رێکخراوێکی تایبەتی یا لقی نەبوە لە کوردستانی ئێران چونکە بروایان نەبو بە مەسەلەی نەتەوایەتی و گەلی ئێران لای ئەمان یەك میللەت بو بە پێچەوانەی حزبی کۆمنیستی ئێران کەلەم بروایە بوون کە لە ئێران فرە میللەت هەن لە مان کەوتونەتە بەر رکێفی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە هەمان کات حزبی کۆمنیستی ئێران بروای تەواوی بە مافی چارەنوسی میللەتان هەیە هەڵبەتە میللەتی کورد لەم بوارە لە کوردستانی ئێران سەرپشکە . حزبی تودا پەیوەندی یەکی تایبەتی هەبو لە گەڵ حزبی شیوعی عیراق زۆرجار سیاسەت و هەڵوێستی خۆیان جوت دەکرد هەردوکیش ناسرابوون کە لە حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت شیوعی ترن بەتایبەتی تودا هەر بە پیاوی رژیمی سۆڤیەت ئەناسرا ..

لە ناوەراستی سالانی هەشتاکان حکومەتی بەعس لەعیراق رێکخراوی کۆمەڵەی پاش روبەروبونیان لەگەڵ ئەرتەشی ئێران وئاوەبوونیان بۆ دیوی کوردستانی باشور لە ئۆردوگای شاری رانیە حەواندەوە ودایمەزراندن پێویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین کردن , ئەمەی کرا بۆ کۆمەڵە کرابو بۆ ( مجاهدینی خەڵق ) وحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بەدوایی کۆمەڵەی ( شێخ عزالدین )- 4- . هەڵبەتە رژیمی سەددام ئەمەی لەپیاوچاکی و خۆشەویستی گەلی ئێران و بیروباوەروخەباتی ئەم حزبانە نەبو ئەم

کۆمەڵانەی دەحەواندەوە بۆ وەی لە کاتی پێویست بیان کاتە سەنگەری هێزەعراقیەکان دژ رژێمی ئێران پێشیان خات بۆ کاری ناڵەبارو تێکدان وکوشتنی پیاوانی دەوڵەت ومیری , لەم بارەوە دەمێك بو پیاوانی مجاهدینی خەڵق بە چەکی سوك ونمچە قورس ومەشق وتەدریب ئامادەکرابون بە سەرۆکایەتی (مەسعود رەجەوی) دوابەدوایی هاوسەری (مریەم ) نەك بۆ هەر هێرش بردنە سەر خاکی ئێران بەڵکو روبەروبونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەڵی کوردیش لە کوردستانی باشور5. سەددام گرینگەیەکی تایبەتی بەم رێکخراوە درندەیەی ئەدا بە ملیۆنەها دۆلاری بۆ تەرخان کردبوون بارەگا سەرەکیەکەی لەناوەراستی بەغدا دامەزرابو 6 دو ئۆردگای زۆر پان وبەرینی بو لە نزیك شاری خانەقین ئەویدی نزیك شاری خاڵس لە پارێزگاری دیالە. پاش رۆخانی رژیمی سەددام مجاهدین چەك کران ودەست بەسەر مانەوە بیٚ وەی بدرێنەوە حکومەتی ئێران , مانەوەیان بە سیٚ شیوە لیٚکدراییەوە , یەکەمیان ئەوەیە کە حکومەتی ئێران زۆر لێان بەداخە گەر وەریان بگرێتەوە گشتیان بە نهێنی وئاشکرا–بیٚ دادگا – لەناودەبات هەڵبەتە ئەم رفتارە لەگەڵ پرینسیپیەکانی مافی ئادەمیزاد ناگونجیٚ , دووەم هیچ ولاتیٚ پیاوانی موجاهدینی بە پەنابەر قبول نەکرد . سێیەم ئەمریکایەکان وەك رژیمی سەددام بە یەدەگی داناوون بۆ کاتی روبەروبونی پێویست لەگەڵ رژیمی ئێران .

حزبە چەپڕەوەکان بە گشتی ( کۆمەڵەی لەگەڵ دابیٚ ) زۆر گرینگی ئەدەنە پێگەیاندنی ئەندام ولایەنگرانی بە خویندن وفەرهەنگیی وروشنبیری بە تایبەتی ئەم لایەنەی کە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە تیورویبروباوەری مارکسیزم , تا رادەیەك گەڵیٚ لەمان فێری خوێندن ونوسین دەبن لە ناو حزب, بەڵام لە هەمان کات بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بە داب ونەرەت و فوڵکلۆرو کەڵچەرو ئەدەبی میللەت وەك پێویست ., رەنگە ئەم چەشنە کەڵتورو ئەدەبە لای ئەمان ئەخرێتە قاڵبی ئەدەبی نوشیناڵیزم بۆ بیروباوەری مارکسی ناشێت ...! هەڵبەتە ئەم رێبازە لە کوردستانی عیراق لە لایەن حزبانی چەپڕەو گۆرانکاریەکی تەواوی بەخۆ دی . لەم خاکە لەبەر گەڵیٚ هۆی سیاسی ونەتەوەیی ومێژووی کەڵچەرو کەڵتوری نەتەوەیی و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی زۆر پەرەی ساند بە تایبەتی پاش بەیانی 11 ئاداری 970 بە دەیان گوڤارو رۆژنامەی کوردی لە بەغداو شارەکانی کوردستان ئەکەوتنە بازار لەمە دانەبو هیچ کۆمەڵ و رێکخراوو حزب بە تایبەتی ئەندامەکانیان بتوانن خۆیان لیٚ لابەلاکەن بە پێچەوانەی کوردستانی ئێران کەلەم بوارە زۆر کز بو تا رادەی درکاندنی گلەیی ونارەزایی لەم بارەوە منیش بەش بە حالی خۆم چەند دانەیەك لە گۆڤاری ( پێشەنگ ) م دەست کەت کە کۆمەڵە دەریچواندبوو بەراستی پاش خویندنەوەی چەند بابەتێك لییٚ وەرس بووم , زۆربەی زۆری بابەتەکان بە چیرۆکەوە لە چوارچیوەی خەباتی چینایەتی نەدەترازا زۆر ئیشك وبرینگ تەرایەتیٚ هەستی نەتەوەیی و خۆشی وجوانی تێدا نادۆزیەوە گەرچی بە زمانێکی کوردی زۆر خۆش ورەسەن چاپ کرابوون , هەرچۆنێك بێت ئەم رێبازە زۆر ناڵەباربو لەدواسالانی چلەکانەوە تا ناوەراستی شێستەکان لە عیراق بە رادەیەك ناو هێنانی (کوردستان ) تەنانەت رۆژباش وشەوباش لەلایەن حزبی شیوعی عیراقی پەسند نەبو بەرهەڵستی لییٚ دەکرا بەتایبەتی لەلایەن ئەندامەکانیانەوە , بۆیە هەر بە درێژای چەندین ساڵ لە خەبات و شۆرشی گەڵی کورد شاعیرێ یا نوسەرێ شیوعی کوردی هەڵنەکەت بە جوانی شاخ وکێو و سروشتی کوردستان هەڵبڵێت جگە لە دوو شاعیری شیوعی نەبی –هەروەك بزانم – (گۆران) لە سلێمانی ولەهەندیٚ لایەنیش ( ئەحمەد دڵزار ) لە شاری کۆیە.

حزبانی چەپڕەو بە گشتی زۆر پتەون لە رێکخستن وپەیرەوکردنی مەرجەکانی ناوخۆ هەروها توندوتۆڵ لە نەهێنیەکانیان , ئەم دیاردەیە زۆر زەقە لە ئەندامانی کۆمەڵە جگە لەمە هەروەك حاڵی بووم کۆمەڵە زۆر بە وەفا لەگەڵ ئەندامانی وخێزانیان تەنانەت لەگەڵ ئەمانەی – لەبەر هەر هۆیەك بێت – لە حزب دور کەوتونەتەوە یا وازی لە حزبایەتی هێناوە – بەڵام حزب بە هاسانی واز لە ئەندامانی ناهینێت ,

شایانی وتنە کە لەماوەی سەدەی رابوردو گۆرانکارێك وئاروگۆریٚ زۆروفرەوان لە گشت روەکانی ژیان و بارودۆخی دونیا لەبارەی بیرو وفەرهەنگ وئابور و وکۆمەڵ روی دا جگە لە شۆرشی تازە لە پیشەسازی و تەکنەلۆژیا وزانست بەگشتی , بە رادەیەك ئەم گۆرانکاریە واپەرەی ساند کە شوینی بیروڕای تەسك لەچوارچیوەیەکی تایبەت تێیدا نابێتەوە ولەگەڵ ئەم سەردەمە

ناگونجێت , جارێ کەوتینە باسی (کەناڵی جەزیرە )کە خەڵکانی عیراق زۆر بەتوندی بەرهەڵستی دەکەن چونکە بویتە ئامێری راگەیاندن بۆ تیرۆریستەکان لە عیراق رفتارەکانی دژی گەلی عیراقە لەم قۆناخەتازەیە , برادەرە چەپڕەو رای وابو کە رفتاری جەزیرە بە رەزامەندی ئەمریکایەو گەر دروست کەری ئەم کەناڵە نەبێت , بەڵگەی لە بۆچونەکەی هەر ئەمەبو کە ئەم کەناڵە سەر بە حکومەت ومیرەکانی – قطر—(قەتەر ) ە , قەتەریش کۆنۆلی ئەمریکایە واتە کەناڵی جەزیرە لە ژێردەستی ئەمریکایە گشت رفتارەکانی بە ئاگاداری وفەرمانی ئەمە , هەڵبەتە ئەم موعادەلە راست نیە چونکە قەتەر –هیندستانی جاران نیە – ئینگلیز حکمی راستەوخۆی کات بۆ چوارسەد ساڵ و هەرچی وردودرشتی ئەم وڵاتە بگرێتە دەست . کۆلونیەکانی سەدەکانی جارانی رابوردو نیە لە ئاسیاو ئەفریکا – قەتەر هەروەك گشت ئیمارەتەکانی عەرەب لە کەنداو – لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندی ئەرتەشیی وئابوری وفەرهەنگی هەیە بە تایبەتی لە بارەی نەوت وکۆمپانیەکانی بۆ بەرژەوەندی هەردولا دابین کردن , ئەمە واناگەیێنی کە قەترو ئیمارەتەکانی دی کۆلونی ئەمریکان , قەتەر دەوڵەتێ سەربەخۆیە وئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆیە زۆرجار ئەمریکا داوا دەکات لە قەتەر کە ( کەناڵی جەزیرە ) لە بارەی عیراق وتیروریست دەم کوت کات ئەوانیش زۆر بەسوك وهاسانی ئەڵێن هەروەك وڵاتی ئێوە لای مەش راگەیاندن سەربەستە چی دەسەڵاتمان نیە بۆ وەستانی . مەنتیق ئەڵێ : بینا کردن لەسەر پێشەکی هەڵە گشت ئاکامەکانی ئەم بینا کردنە هەڵەیە . ئیمرۆ ئەبێ بسلمێنین کە لە سیاسەت هەمو دەم یەك زائیدەن یەك ناکە بە دوو[1 +1 = 2 ]زۆرجار لە بارودۆخ و شوێنی جۆراوجۆر ئەبێتە زیاترو کەمتر. ئەم جۆرە رایە لەراستی دا هەڵاتنە لە شێ کردنەوەی زانستی زۆر هاسانە هەرشتێ لەگەڵ بیروراوبۆچونی داریێشتراو نەگونجا بیخەیتە پاڵ یەکێ دی ومەسەلەکە لە کۆڵ خۆت کەیەوە . ئەگێرنەوە مەلایەك هەر شتێ عەقلی نەگرتبا ئەی خستە ئەستۆی شەیتان رۆژێ پیاوێ ماقول پیێ ئەڵێ : مەلا بەم شێوە خۆت رزگاردەکەیت لە شیکردنەوەی مەسەلەکان , چون وائەبێ ..!! لە وڵام دا ئەڵێ چارەم نیە هەندێ جار شتی نالەبار لەخوایەوە دەزانن من تێیدا شەرمەزاردەبم بۆیە بە ئەستۆی شەیتانی دادەدەم و لە کۆڵ خۆمی دەکەمەوە , . لە سەفەرەکەی دوایێم بۆ وڵات لە شاری دوبەی ( دبی ) 7 لە یەکێتی ئیماراتی عەرەبی لەگەڵ پیاوێ کوێتی دانشتنم بو لەم مەیانە گەڵێ سوراین بەسەر بارودۆخی وڵاتانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەراست هەستم کرد کابرای کوێتی هەرچی هەیە ونیە لە وەزعی نالەباری وڵات ومیللەتانی عەرەب ئەیخاتە ئەستۆی دەوڵەتی ئیسرائیل و زایۆنیست هەروەك شەیتانەکەی مەلاکەمان .بەڵام بەدوایی بۆی روون بۆوە کە حکومەتەکان وگەڵێ لە حزبانی عەرەب لەم بارەوە زۆر گوناهبارن ودڵسۆز نین لەگەڵ مەسەلەی فەلەستین و گەڵەکانیان , کابرا وردەوردە لە زۆر لایەنەوە دەستی لە شەیتان هەڵگرت !...

بەر دەست هەڵگرم لەم باسە کورتە لە بارەی توانای کادرو روشنبیرو نوسەری چەپڕەو ئاماژە بۆ حکومەتی بەعس دەدەم لە عیراق کە هەر لە سەرەتای دەستگیربونی بە حوکم ساڵی 968 گەڵێ سودی لەم کادروروشنبیرانە – لەحزبی شیوعی عیراقی دابڕا بوون – وەرگرت بەتایبەتی بۆ هەڵسورانی دام ودەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەری , بەعسیەکان لە هەرە گەورەیانەوە پێ خواس بوون لە زانست و فەرهەنگ ورۆشنبیری وبەرێوەبەری دایرەکانی راگەیاندن کە گشتی لە ژێر چاوەدیری حکوموتی بەعس بو . لەمان ئەوانەی لە یادم بن :[ عبدالجبار محسن ( عەبدولجەبار موحسن ) گەیبە پلەی جێگری وەزیری راگەیاندن 8 هەروها خێزانی شرقیە( شەرقیە) بەرێوەبەری گشتی لە دایرەی (ئەدەبی مناڵان ) هەر لەم وزارەتە ,عبدالعزیز جاسم ( عەبدولعەزیز جاسم ) نوسەرێ زۆر بەتوانە ( سەدام بە کوشتنی دا ) کە هەستی کرد لە رێبازی بەعس لائەدا , مظهرعارف ( موزهیر عارف) نوسەرێ زۆر بە توانا خاوەنی ستونێ رۆژانە لە رۆژنامەکانی بەعس هەروها جوتە برای موسڵاوی عبالرحیم ومعاذ یوسف ( عەبدولرەحیم ومعاز یوسف )هەروها نوسەرێ هەڵکەوتو منصور المنصور( مەنسورئەلمەنسور ), عبدالرزاق عبد الواحید (عەبدەلرەزاق عەبولواحید ) کەڵە شاعیری سەددام , جگە لە حمید عثمان ( حەمید عوسمان ) ماوەی چەند ساڵێ سکرتیری حزبی شیوعی عیراقی بو , زنجیرە وتاری بەناو –سوڵتان _ لە رۆژنامەی – الثورة –( ئەڵسەورە) –ئۆرگانی حزبی بەعس –

بلاو كردەوە زۆربەی لە بارەی كێشەی گەلی كورد دەسورایەوە . عەزیز الحاج ( عەزیز ئەلحاج ) سكرتێری حزبی شیوعی جەماعەتی قاعیدە .. ] گەلی دی .

---

پەراوێزەكان

---

1- عەلی ئەحمەدی لەم بڕوایە دایە كە هەردو موستەشار لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد بە شێوەیەك پەیوەندیان هەبوبێ بە تایبەتی عەلی نەبی .

2- لە سالانی نەوەتەكان بە سكرتاریەتی ( مامۆستا كەریم ئەحمەد ) حزبی شیوعی كوردستان دامەزرا پاش دابڕانی لە حزبی شیوعی عیراقی.

3- عەلی ئەحمەدی بۆ راستی ئەم بۆ چونە ئەڵێ واباوبو كە لەماوەیەك حزبی تودا 16 شانزدە هەزار هەڵگری بڕوانامەی ماستری ( فەوقە لیسانس ) ...!!ی بەخۆ گرتبو لە ناو ئێران .

4- لای ئێمە بە كۆمەڵە ئەناسرا . ماوەیەك بە دەستوری بەعس – (عولەما بەزەبیحی ) ئەناسرا چەك و ئازۆقەو كەلوپەلی ئەرتەشی بۆ رەوانەدەكردن . هاتوچویی ئەكردن . هەر لەم مەیانەش كوژرا. عەبدولرەحمان زەبیحی یەك لە لێپسراوی كۆماری مهاباد بووە زۆر نزیك لە شەهید قازی محەممەد , پاش روخانی بەگەر پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراق كەوتووە زۆر زوو پێشكەوت لە حزب تا گەییە ئەندامی مەكتەبی سیاسی . ئەمەش باسێ ترە بۆ ئایندە

5- بەش بە حاڵی خۆم نەمزانیوە كۆمەڵەو حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بە م چەشنە كارانە- بۆ حكومەتی بەعس ودەستوری ئەم- دژ حكومڕانی ئێران هەڵسابن یان هێرشیان ئەنجام دابێ بۆ ئەم دیوو .

6 – نوسینگەی (پارێزەر) یم لە بەغدا لە سەر شەقامی (سەعدون ) كەوتبووە پشت بارەگای ( مجاهدین خەلق ) لە كاتی شەری عیراق دژ ئێران یەك لە رۆكێتەكانی ئێرانی كە بەرەو بارەگاكەیان ئەهاوێشت بیناكەی نوسینگەی ئێمەشی زەرەر دار كردلەهەمان كات رۆژوشەو بێ وچان ئوتومبێلە چەكدارەكانیان لە دەوروبەری شەقامەكان ئەسورایەوە زۆر جار هات و چویان لەم ناوە قەدەغەدەكرد خەڵكیان بەتەواوی هەراسان كردبو نەفرەتیان لێ دەكردن .

7 – كامیرای چەنالی ( العربیە ) –ئەلعەرەبیەی – گەرۆك لە دیدارێ سەرپێی لە نێو بازارەكی گەورەی ( دوبەی ) منی پێشكەش كرد بە هاوولاتێ عەرەب گەرچی ئەیزانی كوردم , منیش كامیراكەم لادا پێم ووت ئەشێ عیراقی بم لە گەڵ رێزم بۆ عەرەب من عەرەب نیم .
لە ولام دا وتی : ئێمە لە سوریا وەك عیراق عەرەب وكوردو ئاسوری و توركمان هەن
بەلام بەگشتیان ئەڵێن عەرەب , منیش ووتم كێشەو هەڵەی ئێوە لەمەدایە . دیداریەكە وەك من ویستم ئەنجام دراو كابرای سوری لەسەر رۆیشتن بو كارتەكەی خۆی پێدام , سەیر ئەمە بو كە ناوی ( دەروێش یوسف دەروەشان ) بو , بانگم كرد ووتم وەرە مەرۆ وا تۆش كورد دەرچوی , لەدورەوە بە پێكەنینەوە سەری دابەزاند .

8 – لەم كات وەزیری راگەیاندن ( لطیف جاسم ) بو ناسرابو بە هەرە شۆڤێنی لەناو حزبی بەعس , ئەمەی رەوشتی باش و ئەدەب و زانست وفەرهەنگ هەبوبێت لەدونیا لەم پیاوە نافرەجایە بێ بەری بوو .

---

تێبینی

----- لەبنەرەتە ئەم بەشە لە فێبروەری سالی 2002 نوسراوەتەو لە رۆژانی هەرە دوایی فێبروەری 2005 پوختە كراوەو زیادەی هاتوتە سەر

ماوێتی

ئوستراليا فێبروەری 2005